کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-5-2007 0:59

## زریان گیان پورە سەوڵە کێیە ... شکور حەمەی هەیەر

بەڕێزێك بە ناوی (زریان عەلی) لە کوردستان نێت دەرچووی 2007/5/7بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە ومنی بە بکوژی (پورە سەوڵە) ناوێك تۆمەت بار کردووە وباسێکی وای کردووە ومن بە خەو وخەیاڵیش شتی وام نەبیستووە. جگە لە خۆم زۆرێك لە برادەرانم پرسیاری ئەم بەسەرهاتەم لی دەکەن وهیچ وەڵامێکم نییە بۆیان چونکە ڕووداوی وا لە ماوەی6شەش ساڵی سەرۆك شارەوانیم دا ڕووی نەداوە. من دڵنیام ناوەکەی (زریان عەلی) ناوێکی خوازیاری خۆیەتی نەك ناوی ڕاستی خۆیلەبەر ئەوەی بە شایەتی خەڵکی کفری وگەرمیان من کەسێکم لە ڕادە بە دەر خەڵکی دەناسم بە تایبەتی خەڵکانی ڕووناکبیرانی گەرمیان. واش دڵنیام قسەکانی ئەو بەڕێزە جگە لە داخ ودڵ دەرکردن زیاتر یەك زەرە لە قسەکانی دا نییە بۆیە بە ناوی خۆیەوە بابەتەکەی بڵاونەکردۆتەوە. من خۆم باش دەناسم وخەڵکی گەرمیانیش بە زۆری خۆم وبنەماڵەکەم دەناسن. بۆیە دەیان جاری تر تۆمەتی لەو بابەتەم بخرێتە پاڵ باکم نییە وتۆمەتی واش سەگ بە ئەستێرە وەڕینە. سەبارەت بەو درۆ زلەی دەڵی کە گوایە من (75) پارچە زەویم داوە بە قەوم وقەبیلەی خۆم. ئەوەش ڕاست نییە. لەبەر ئەوەی کاتی من سەرۆکی شارەوانی بووم خەڵکی شیشی خانووەکەی خۆی دەردەهێناو دەیفرۆشت بۆ ئارد. ئەو کاتە لە شاری کفری دا باشترین پارچە زەوی کە ڕووبەری 300مەتر دووجا بوو دوو هەزار دیناری سویسری بوو بە تایبەتی خەڵکی کفری. حەزدەکەم (زریان عەلی) بڕواتە تۆمارگەی خانوو بەرەی کفری وپرسیار بکات بۆ ئەوەی ئەگەر ڕاست دەکات ناوی ئەو قەوم وقەبیلەیەی من کە زەویم داوە پێی یان بیباتە لایەنی پەیوەندی دار با ئەو کاتە بە پێی یاسا لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکرێت وسزا بدرێم بۆ چاوشکاندنی ئەوانەی کاری نایاسایی دەکەن لە سایەی کورسیەکەی ژێریانەوە بەڵام بە داخەوە دەسەڵات وێرانە. بۆیە تەڕ و ووشك پێکەوە دەسووتی. خۆزگە زریانەکان وئەوانەی بە ناحاڵی لە من حاڵی بوون دەهاتنە لام ودەیان کاری دزێوی وگەندەڵیم بە بەڵگەوە پێیان دەدا بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە. نەك خەڵکانی وەك (زریان) تەقە لە تاریکی دەکەن وبابەتی درۆ وناڕاست وچەواشە بڵاو دەکەنەوە کە بۆتە هۆی ناشرینی وبی سەلیقەی ڕۆژنامەکان وسایتەکانی ئینتەرنێت بە تایبەتی سایتی کوردستان نێت وای لی هاتووە خوێنەران بە چاوی کەم بایەخەوە تەماشای دەکەن. باسی ئەوەی کردووە من پورە سەوڵەم لە خانووی حکومی دەرکردووە. قوربان ئەوەی من بیزانم شارەوانی کفری دوو خانووی بوو. دوو فەرمانبەری کۆنی تێدا بوو پاشان بە بڕیار هەردوو خانووەکەیان لەسەر تۆمار کرا. بەڵام خانووە حکومیەکانی تری شاری کفری هەمووی موڵکی (ئیدارەی مەحەلی) یەو پەیوەندی بە قائیمقامیەتەوە هەیە نەك شارەوانی. ئەگەر لە هیچ قائمقانەکانم نەبیستووە بەو شێوەی تۆ فەرمووتە کەسیان دەرنەکردووە وئێستاش زۆر کەس فەرمانبەر نین ولە خانووی حکومی دان. لە کۆتاییدا داواکارم لە هەموو ئەو بەڕێزانەی بابەت دەنێرن بۆ سایتەکانی ئینتەرنێت با بە بەڵگەوە لەسەر خەڵکی بنووسن نەك کەسێك ڕقی لە کەسێك بی بە ناوی خوازیارەوە خەڵکانی تر تۆمەت بار بکەن ودەم وچاوی ڕۆژنامەکانیش ناشرین بکەن.

شکور حەمەی هەیەر
لێپرسراوی/کفری بنکەی ڕووناکبیری
07701559180

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.